# بـايەوان



**عومەر سەیدە ـ کەرکوك**

کاپیتانەکە قریشکاندنی:

کوڕینە خێرابن چارۆکەکان دادەنەوە, هەورێکی توندو چڕی هێنا لای باکورەوە, ئەگەر خۆمان ئامادە نەکەین دەفەوتێین هەموومان.

جگە لە کاپیتانەکە(12) کەسی دیکە لەسەر یەختەکە بوون, کە بەنیازی گواستنەوەی بڕێك کالآی قاچاخ, دەبوو چەند شەوێك لە دەریـادا بمێننەوە, بەڵام ئەوان بۆ شاردنەوەی نیازی راستیان, جگە لە هەڵواسـینی تـۆڕو هەنـدێك کەرەسـتەی دیکـەی راو, بـۆ خۆشـیان پۆشـاکی راویان لەبەر کردبوو, چونکە دەترسان لە پۆلیسی گومرکی دەریا, لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو کالاّ قاچاخەکاندا هەمەجۆر مادەی بێهۆشـکەریان شاردبوویەوە.

تۆ کە ئەرکی(بایەوان)ت لە ئەسـتۆ گرتبـوو, خێـرا راتکـرد بـەرەو لای پێـشەوەی یەختەکـە, بـۆ ئـەوەی بڕوانیتـە هەورەکـەو لای خۆتـەوە مەزەندەی ئەگەرە ترسناکەکانی بکەیت, بەڵام بە گەیشتنت دوو نەورەس کە لەلێواری یەختەکە هەڵنیشتبوون, دایان لەباڵو فڕین, تۆ بەوە زۆر دڵگران بوویت, چرکەیەكو .. هەستێکی سەیر رۆحی لە لەشتدا هەڵفڕاندو جەستەت بووە نموونەی پەیکەرێکی ماندوو, رۆحت خێراتر لە نەورەسەکان فڕیو گەیشتە ئەوان, چووە جەستەی یەك لەوانەوە, بەدەم فڕینەوە ئاوڕێکـت لـە یەختەکـە دایـەوە هێـدی .. هێـدی بـچووك دەبوویەوە, بەڵام ئەو پیاوە چڵکنەت لێوە دیار بوو کە ژوانەکەی لێتان تێکدا, لەڕاسـتیدا ژوان نـەبوو, ئێـوە ویـستان وەکـو ویـستگەیەکی پشوو بەکاری بهێنن, بەڵام ئەو پیاوە هێندە بە پەلەو لەناکاودا هات نەتانزانی چۆن داتان لە شەقەی باڵ, سەرەتا واتانزانی بۆ راوی ئێـوە هات, دواتر کە لەشوێن خۆی وەستاو جوڵەی نەما ئێوە دوودڵ بوون لەوەی کە ئاخۆ چ نیازێکی هەبوو, بە هەرحاڵ وائێوە دەفڕنو دەفڕنو دەفڕن .. بۆ ویستگەیەکی دیکە دەگەڕێن, نازانن لەناوەڕاستی ئەو دەریایەدا روو لە کوێ بکەن ..!!, ئاسمان تا بڵێی هەر بەرزە .. دەریا بێ پشوو هەر فراوان دەبێتەوە, بۆ پارچەیەك وشکایی .. یاخود تەنێکی سەرئاوکەوتوو دەگەڕێن, تا وچانێکی لێبگرن, هەناسـەتان تـەنگ بووەو خێرا .. خێرا باڵ بە یەکدا دەدەن, لەپڕ(باز)ێکی چاوتیژی برسی هێرشی بـۆ هێنـانو کەوتـە وێزەتـان .. ئێـوەش بەڕاسـتو چـەپدا جیابوونەوەو هەرچی هێزتان هەیە لەپێناو رزگاربوون لەو ئافاتە ناوەختەدا بەکارتان دەبرد, بێ سوود بوو, چونکە پێدەچوو(باز)ەکەیش لە ململانێی نێوان ژیانو مردندا, پێویستی بەوە بێت کە یەکێك لەئێوە بخوات ..

لەڕاستیدا من بۆ ئەوەی ئەم چیرۆکە جگە لە خۆم خەیاڵاتی راستی کارەکتەر دروست بکەم, کەسی دووەم, کە لە بری بایەوان لە دەرەوەی چیرۆکەکە وەڵام دەداتەوە, وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

من چەند مەترێك لەولای تۆوە دانیشتوومو ئەم چیرۆکە دەنووسم.

من: ئەو(باز)ە بەلای تۆدا وەرگەڕێت, یان مەعشوقەکەت؟

کەسی دووەم: بە لای مندا

من : بۆچی بۆ لای تۆوە بێت؟

کەسی دووەم: لەبەر ئەوەی نامەوێ مەرگی خۆشەویستەکەم ببینم

من: ئەگەر ئەو(بان)ەمان لە چیرۆکەکە دەرهێناو بووە خەیاڵێکی ناتەواوی ئێوە, کە وا هاتە بەرچاوتان(بان)تان بینیوە هێرشی بۆ هێناون؟

کەسی دووەم: ئەو کاتە لە خۆشیاندا دەتوانین ماوەیەکی زیاتر بفڕین بۆ گەیشتن بەشوێنی پشوودان.

من: باشە لەبەر ئەوەی ناکرێت(بان)ێك هێندە گەمژە بێت بەرەو ئاقارێکی ترسناك مل بنێت, چونکە سروشتی(بان) وایە کە زیاتر لەناوچەی شاخاویی ژیان بەسەر دەبات, من(بان)ەکە دەردەکەم لە چیرۆکەکەدا, بەڵام بۆ دوو نەورەس دەشێ دەورو خولی یەختێك بدەن تا ئەو جێیەی مەبەستیانە, ئێستا ئامادە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیکە ..

کاپیتانەکە وەکو ئەوەی چاوی تەنها بایەوان ببینێت, هاواری کرد: بایەوان چیە؟ خۆ فیلمی تایتانیك نیە لەو پێشەوە وەستاوی, بجوڵێ خێراتر تا هەموومان تیا نەچووینە .. دەی سەگباب.

تۆ ڕاچڵەکیت لەدەنگی کاپیتانو نەورەسەکانت بیرچوویەوە, ووتت: باشە .. باش خۆ بەس منی تیانیم ئەم یەختەنە ! ! ؟ کاپیتان لەبەر ئەوەی پیشەی زیاتر لە (15) ساڵی دەبوو, بەو جۆرە مامەڵەکردنە ڕاهاتبوو, بەبێ دوودڵی پێی وت:" دەمت داخە بانەیەم بەشەق دەمت بشکێنم, قۆندەرە, تۆ کرێکاریت لەلای من, من فەرمانت بەسەر دادەکەمو تۆش تەنها جێ بەجێی دەکەیت, تێگەیشتی؟ ! ! ئەگەر بەدڵیشت نییە فەرموو دابەزە خوارەوە .. پێشتر چەند کەسێکمان لەم ناوچەیەدا داگرتووە, کە گەشتەکەیان بەدڵ نەبووە.

تۆیش کە هیچ ئەزموونێکت لەگەڵ دەریاوانیدا نەبوو, زۆر توڕەبوویت, تەماشای سیمای ئەوانی دیکەت دەکرد, بۆ ئەوەی بزانیت هیچ هەڵوێستێکیان هەیە .. یاخود نا ! !, هەموویان بێدەنگ بوون.

یەکێکیان هەڵیدایێ و وتی:" گەورەم ئەم کوڕە یەکەمجارە گەشتی دەریایی بکات, هیوادارم لێی ببوریت, چونکە یاسای دەریاوانی نازانێت.

کاپیتانەکە وەکو سەرکردەیەکی (مافیا) دەهاتە بەرچاو, قاقایەکی بۆکردوو وتی:"ئەی کێ بەناخێری گیانی کردوویە بەبایەوان؟, هەمان کەس وتی: قوربان وابزانم چیرۆکنووس دایناوە ! !, کاپیتانەکە هێندە توڕەبوو وەکو گڕکانێك بتەقێتەوە, ووتی: ئێمە وا خەریکە سەرمان دەچێتەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە, ئێوەش دەڵێی لە بەشی ئەدەبیاتی زانکۆ دانیشتوون ..

هەندێك وەستایەوە لە قسەکردنو ووتی: بۆچی چیرۆکنووسیشمان لەگەڵە؟ ! !

بایەوان گفتوگۆکەی نێوان منو نەورەسەکەی هاتەوە یاد, کە ئەو دەمە ڕۆحی ئەو لە جەستەی نەورەسەکەدا بوو, هاتە وەڵام: بەڵێ من ئێستا لەگەڵ ئەودا قسەم دەکرد.

کاپیتانەکە هاتە خوارەوە بە چەند پلیکانەیەکداو گەیشتە ناو سەرنشینەکانو پرسی: کوا لە کوێیە؟

بایەوانەکە هەوڵیدا هێمنی بگەڕێنێتەوە بۆ گفتوگۆکانی کاپیتانو بەلەسەرخۆیی ووتی: ئەگەر بتوانی ڕۆحت بسپێری بەشتێکی دیکەی ئەم بوونە کە تۆی تیادایت, دەتوانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ چیرۆکنووسدا گفتوگۆ بکەیت.

کاپیتان کە بەم شێوازە قسەکردنە هیچ خۆشی نەدەهات, ووتی: ئێوە وەکو شاعیر قسە دەکەن, منیش تەنها شتێك کە زۆرم ڕق لێی دەبێتەوە شیعرو خەیاڵاتە, ئەو چیرۆکنووسەی ئێوە باسی دەکەن, ئەرکی چیە لەناو ئەم یەختەدا؟

بایەوان هەوڵی دا کە هێمنتر قسە بکاتو هەرچی توڕەییو سوکایەتی پێکردنی کاپیتانەکە هەیە لەبیری بکات, ووتی: کاپیتانی بەڕێز ئەو ئەرکەکانی بۆ ئێمە دیاری کردوە, قەدەری هەموو شتەکان لە نووکی پێنووسەکەی ئەودایە.

کاپیتان دەمانچەکەی لە قەدی کردەوەو فیشەکێکی بەرەو ناو دەریاکە تەقاندو ووتی: ئەوەی ئێوە باسی دەکەن, چیرۆکنووس نیە .. ئێوە باسی خوا دەکەن .. خوا

بایەوان کە ترسێکی زۆری لێ نیشت ووتی: قوربان توڕە مەبە .. توڕە مەبە, ئەوە لە دەستی ئێمەدا نیە, تۆ بۆچی ناتەوێ لێمان تێبگەیت؟

لەو كاتەدا هەورەكان لە دوورەوە گرماندیانو بروسكەیاندا, كاپیتان هەندێك بێدەنگ بوو .. چەند هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشاو ووتی: تۆ .. بایەوان .. وەرە پێم بڵێ چۆن لەگەڵ ئەودا قسەت دەكرد؟! من تۆم بینی كە تەماشای ئاسمانت دەكردو وەستابوویت بە تەنیا, بایەوانەكە ووتی: بەڕێز كاپیتان كات بۆ ئێمە درەنگە وا هەورەكان دەگەنە سەرمان, با چارۆكەكان توندتر بكەین.

كاپیتان بەتوڕەییەوە ووتی: نەخێر پێم بڵێ چۆن قسەت لەگەڵ خودادا دەكرد؟!!

بایەوان هەردوو دەستی گرتە ناو قەدییەوەو هەناسەیەكی نائومێدانەی هەڵكێشا .. كەوتە گێڕانەوەی چیرۆكی دوو نەورەسەكەو دواتر گفتوگۆی نێوان خۆی لەرۆحی نەورەسەكەوە لەگەڵ چیرۆكنووسدا ..

كاپیتان هەندێك بیری كردەوەو ووتی: مادام وایە فەرموو بە چیرۆكنووس بڵێ با ئەو هەورانە لا ببات لەچیرۆكەكەیدا, ئەگەرنا هەموومان تیا دەچین, یانیش تەنها تۆ تیا دەچێت.

بایەوان ووتی: من بۆ؟ چیم كردوە؟

كاپیتانەكە ووتی: تۆ هاوڕێی چیرۆكنووسیت, ئەو دەتوانێت رزگارمان بكات, یان تۆ دەكوژم, یانیش دەبێ خێرا هەورەكانی لاببات.

هەورەكان گەیشتنە سەریانو نمە .. نمە باران دایكرد.

كاپیتانەكە هات پێشەوەو یەخەی بایەوانی گرتو دەمانچەكەی ئاراستەی سەری كردو ووتی: دیارە تۆ ناتەوێ رۆحت بە هیچ شتێك بسپێری, ئێستا من رۆحت دەسپێرم بە گوللەیەك.

بایەوانەكە كەوتە پاڕانەوە: نەكەی توخوا .. مەمكوژە .. ئەگەر هەر دەمكوژی بە گوللە مەمكوژە, چونكە چیرۆكنووسەكە ناتوانێ لەگەڵ گوللەدا گفتوگۆ بكات, بەشتێكی دیكە بمكوژە تا بتوانێت لەگەڵمدا قسە بكات.

كاپیتانەكە یەخەی بەرداو پاڵێكی توندی پێوە ناو ووتی: مادام وایە خۆت فڕێدە دەریاكەوە.

بایەوان كە ترسی مردن تووشی پەشۆكانێكی زۆری كردبوو, قسەكانی بە پەلەپروسكێ دەكرد, ووتی: ناوێرم .. چۆن خۆم فڕێدەم؟!!

كاپیتانەكە تاویدا بیخاتە دەریاكەوە, بایەوان هەڵهات لە دەستیو كاپیتانەكە لە یەختەكە كەوتە خوارەوە.

خێرا هەموو كەوتنەخۆ بۆ رزگاركردنی, پاش هەوڵێكی زۆر توانیان لە دەریاكە دەریبهێننەوە, بەلآم رۆحی سپاردبوو.

كەسی سێیەم, كە لەرۆحی دەریاوە قسە دەكاتو لە بری كاپیتان لە دەرەوەی چیرۆكەكە وەلآم دەداتەوە.

من چەند مەترێك لەولای تۆوە دانیشتوومو ئەم چیرۆكە دەنووسم.

من: ئەو هەورانە رەشەبایەكی توندی لەگەڵدا بێت زریان دروست بكات لە تۆدا؟ یان لێزمەیەك باران ببارێتو هیچی دیكە؟

كەسی سێیەم: من دەمەوێ لەگەڵ باراندا هەندێك سەما بكەمو هیچی دیكە.

من: بۆچی حەز بە زریان ناكەیتو بۆچی هێندە شاعیرانە قسە دەكەیت؟

كەسی سێیەم: لەبەر ئەوەی یەختەكە نوقم دەبێتو ماسیو گیانلەبەرەكانی دەریا بێزار دەكات, من تاوەكو نەگەیشتمە لای تۆ باوەڕم بەوە نەبوو كە خەیالآتی شاعیرانە دەشێ شتێك ببەخشن بە مرۆڤ, بەلآم ئێستا تێدەگەم كە بایەوانو هاوڕێكەی بۆچی شاعیرانە قسە دەكەن.

من: ئەی ئەگەر هەورەكە لە چیرۆكەكەدا دەربهێنم؟

كەسی سێیەم: ئەوە زۆر باشترە, چونكە لەڕاستیدا دەریا پێویستی نە بارانەو نە زریان, چونكە بۆ خۆی ئەوەندەی مەترسی هەیە, كە مرۆڤ پێویستی بەوە نەبێت ئافاتی لەوە گەورەتری بەسەردا بێت لەناو ئەو دەریا پانو بەرینەدا.

من: بەلآم تۆ زۆر دڵڕەقی, هەر خۆت ئافاتو كارەساتی بۆ سەرنشینەكانی ناو یەختەكە.

كەسی سێیەم: ئەگەر تۆ ئەو هەورانە لا ببەیت, منیش بەڵێنیت دەدەمێ كە ئیدی باشبم لەگەڵ سەرنشینەكانی ناو یەختەكەم.

من: یەختەكە هی تۆ نیە, من پێم داوی, مەڵێ یەختەكەم.

كەسی سێیەم: بەڵێ باشە, یەختەكە.

بایەوانەکە بە هەردوو دەستی گوشاری دەخستە سەر سنگی کاپیتانو دەیویست ئەو برە ئاوە دەربهێنێتەوە کە چوو بووە ناو سنگیەوە.

کاپیتان کۆخەیەکی بۆ کردو رۆحی هاتەوە بەر, هێواش .. هێواش زیاتر هۆشی دەهاتەوە بەر, چاوی کردەوە هەموو سەرنشینەکانی ناو یەختەکە بازنەیەکیان کێشابوو بە دەوریدا, دەستیان کرد بە پێکەنینو هاواریان کرد, هەر یەکەو لەلای خۆیەوە سوپاسگوزاری خودا بوون. لەراستیدا خودا لەم چیرۆکەدا بوونی تەنها ئەوەندەیە, کە من هەندێك لەوێنە سروشتییەکانی ئەوم بەکارهێناوە, ئەگەرنا روداوەکان لێرەوە .. لە نووکی ئەم پێنووسەوە بریاریان لەسەر دەدرێت.

کاپیتان چاوی هەڵهێناو هەستایە سەرپێ, تەماشای کرد هیچ هەورێك نەماوە لەئاسمانو سامالێکی خۆشە, تەماشایەکی بایەوانی کردو ووتی: تۆ هەر بە ترسنۆکی دەمریت, ئەوە رۆیشتم بۆ لای چیرۆکنووسو گەرامەوە, خۆ نەمردم ..

بایەوان وەڵامی دایەوە: من هەمیشە بەدبەختانە هەموو رووداوەکانم بینیوە, سەرەتا من نەدەبوو لەم یەختەی تۆدا سەربکەوم, پاشان کە سەرکەوتم, لەبەر ئەوەی یەکەمجارمە گەشتی دەریایی بکەم, نەدەبوو بکرێم بە(بایەوان), سێیەم شت کاتێ لەرۆحی نەورەسێکدا توانیم لەگەڵ ئەفرێنەر گفتوگۆ بکەم لەنزیك مردنی سێیەمدا بووم, کاتێ(باز)ێکی برسی خەریك بوو بمخوات.

کاپیتانەکە لێی پرسی: خەڵکی کوێیت؟

ووتی: من خەڵکی سەرزەمینێکم یە درێژایی مێژوو تەنها روویەکی شەرو درەختی دووبەرەکی تیادا دەروێ.

کاپیتان بە پەلە وەڵامی دایەوە: کەواتە تۆ خەڵکی نیشتمانی عەرەبەکانی؟!!

بایەوان بەبێ دوودڵی ووتی: نەخێر من خەڵکی کوردستانم.

کاپیتانەکە ماوەیەکی کورت بیری کردەوەو هیچ قسەیەکی نەکرد, پاشان ووتی: کوردستان وڵاتە؟

بایەوان هەناسەیەکی قوڵی حەسرەتاوی هەڵکێشاو ووتی: نا خاکێکی ئەتککراوە, دابەشی چوار کراوەو کەرەتی نەزانین کراوەو فەرمانرەوایی خۆماڵی لێ دەرکراوە, لەگەڵ عەرەبو تورکو فارسدا کۆکراوەتەوە.

کاپیتان تەماشای شێوازی ئاخاوتنی کورەی بایەوانی کرد, بینی بە تورەییەوە قسەکانی دەکات, ووتی: تۆ چی گەیاندتی بە ئێرە؟

ووتی: من هەڵدێم .. دەرۆم بۆ شوێنێك وەکو مرۆڤ تەماشام بکرێت.

کاپیتان فێڵبازانە کەوتە قسەکردنو دەیووت: لەگەڵ من کار بکە, دەبیتە خاوەنی سەرمایەیەکی زۆر.

بایەوان دەستی کرد بە پێکەنینو وەڵامی دایەوە: سەرمایەم ناوێ .. رێزم دەوێ .. رێز, دەمەوێ وەکو مرۆڤ بژیم.

کاپیتان ووتی: تا لەم یەختەدا بیت دەبێ لە فەرمانی من دەرنەچیت, ئەگەرنا زەرەر دەکەیت.

بایەوان زۆر تورە بوو, بریاریدا خۆی بکوژێت, رایکرد خۆی بخاتە دەریاکەوە.. کاپیتان هاواری کرد: بوەستە . رووی کردە سەرنشینەکانو ووتی: بیگرن مەهێڵن خۆی بکوژێت.

بایەوانەکە خۆی خستە دەریاکەوە, دیسان سەرنشینەکانی ناو یەختەکە کەتنەوەخۆ بۆ رزگارکردنی بایەوانەکە لە دەریاکەدا, بەڵام ئەمجارەیان لەبەر ئەوەی بایەوان ویستی مردنی هەبوو, بە زەحمەت چنگیان لێی گیر بوو تا دەریبهێننەوە, بە هەموویان هەوڵیان دەدا خێراتر بیگەیەننە سەر یەختەکە بۆ ئەوەی نەهێڵن گیان بسپێرێت, ئەمەیش فەرمانی کاپیتانەکە بوو, چونکە دەیزانی ئەگەر بگاتە لای چیرۆکنووسەکە لەوانەیە سکاڵا لە دەستی دڵرەقی کاپیتان بکاتو ئەوکات چارەنووسی کاپیتانو یەختەکەی روو لە خراپی بکات.

زۆر هەوڵیاندا بۆ ئەوەی ژیان بگەرێننەوە بۆ کورەی بایەوان, بەڵام هیچ سودێکی نەبوو, بەردەوامبوون لەهەوڵدانو خێرا .. خێرا هەناسەیان دەکردە سنگیەوەو گوشاریان دەخستە سەر سنگی ..

دیسان کەسی دووەم لە بری بایەوان لە دەرەوەی چیرۆکەکە وەڵام دەداتەوە, بەڵام ئەمجارە لەرۆحی دەریاوە بە هاژەو شەپۆلەوە قسە دەکات.

من: تۆ ئەمجارە بە ویستی خۆت هاتووی بۆ لای من, دەپرسم چیت دەوێت؟

کەسی دووەم: دەمەوێ بمرمو نەگەرێمەوە بۆ ناو ئەو یەختە, تکام وایە داواکارییەکەم رەت نەکەیتەوە.

من: باشه بەلآم کە هاتیە لای من ئیدی شتێك نیە ناوی مردن بێت, چونكە تۆ ئیدی دەبێ لەگەڵ مندا بژیت.

کەسی دووەم: گرنگ نیە بەلامەوە, بەلآم نامەوێ بگەڕێمەوە.

من: بە مەرجێك دەبێ ڕەزامەندی نیشان بدەیت کە دەبێ لەگەڵمدا بێیت.

کەسی دووەم: بۆ کوێ؟

من: هەڵدێم

کەسی دووەم: بۆ کوێ؟

من: وەکو تۆ بۆ سەرزەمینێك دەگەڕێم کە ڕێزم لێبگرن وەکو مرۆڤـ, دەڕۆم بۆ مەملەکەتێك وەکو خۆم بمخوێننەوە, نەوەکو ئەوەی خەڵکی دەیەوێت.

کەسی دووەم: کەواتە تۆش هەمان کێشەی منت هەیە.

من: من دەبێ لەپێناو تۆدا قوربانی بەم چیرۆکە بدەم, چونکە تـۆ کـە لـە چـیرۆکەکەم دربـچیت دەبیتـە بەشـێکی گـەورەی مـنو پاڵـەوانی سەرەکی چیرۆکەکەم لەدەست دەدەم, هەر بۆیە دەبێ لـەپێناو ئاسـوودەیی تـۆدا, مـن ئـەم وڵآتـە بـەجێبهێڵمو بـڕۆم بـۆ شـوێنێك ڕێـز لـە هەردووکمان بگرنو .. ئەم چیرۆکەیش بە ناتەواویی کۆتایی پێ بهێنم.

ئەیلولی 2006